مالیکی: دەستوەردانی ئاشکرای ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆی عێراق ڕەتدەکەینەوە



ئەمە چوارشەمە، نوری مالیکی، سەرۆکی ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا جەختیکردەوە:بە توندی دەستوەردانی ئاشکرای ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆی عێراق ڕەتدەکەینەوە و بەردەوام دەبم لە کاندیدبون تا دەگەمە ئەنجامێک کە خزمەت بە بەرژەوەندی گەلی عێراق بکات.

مالیکی لە پەستکیدا لەسەر پلاتفۆرمی (ئەکس)، نوسیویەتی "بە توندی ڕەتیدەکەینەوە و دژی دەستوەردانی ئاشکرای ئەمریکاین لە کاروباری ناوخۆی عێراق، و بە پەشێلکاری بە سەروەریەکەی و دژ بە سیستەمی دیموکراسی لە عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها بە دەستدرێژی بە سەر بەیاری چوارچێوەی هەماهەنگی بە دیاریکردنی بەربژێرەکەی بە پەستی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دادەنێین".

هەروەها وتیشی: "زمانی گفتوگۆ لە نێوان وڵاتان تاکە بژاردەی سیاسییە بە مامەڵەکردن، نەک پەنابردن بە زمانی سپاندن و هەڕەشە".

لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوەشکرد: "لە سەنگەی ڕەزگرتنم بە ئیرادەی نیشتمانی و بەیاری چوارچێوەی هەماهەنگی کە دەستووری عێراق زامنی کردووە، بەردەوام دەبم لە کارکردن تاوەکو دەگەینە کۆتایی، بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی عێراق بەدی دەهێنێت".